ژمارە ١١
ئاداری ٢٠٠٨

# گەنجان لەنێوان پەراوێزکردن و داخوازیەکانیاندا



کەژاڵ ئیسماعیل

وێـرای ئـەو هەمـوو کێشـەو ئاڵۆزیانەی رووبـەڕووی کۆمەڵگەی ئێمە لەکوردستان بوونەوە، کە رۆژانە لەهەموو مـاڵو کۆمـەڵو لەنێوانو شـوێنە گشـتیەکاندا بوونەتە باسوخوازی خەڵـکو تەنانەت بوونەتـە خەونی خەڵك، کێشـەی گەورە و گرینگی دیکەش هاتووەتە ئاراوە، ئەویش کێشـەی گەنجانە، کەلەگـەڵ ئەو ئازادی و دیموکراسـییە بەناو بەرقەرارەی لەکوردسـتاندا هەیە سەرجەمی گەنجو لاوەکانی کۆمەڵگەی تووشـی خەمۆکەو مەترسـی کردووە بەهەردوو رەگـەزی نێرو مێیەوە، ئەوانی بـەرەو گێژاوی کۆمەڵێـك کێشـەی بەرچاو و مەترسـیدار بـردووە. ئەو کێشـانە، چ لەناو خودی خۆیانو چ لەناو کۆمەڵدا بوونەتە هـۆی سـەرهەڵدانی کۆمەڵێك دیاردەی ناحـەز ونالەبارو لەهەمانکاتدا خەڵکی سـەرقاڵی دۆزینەوەی وەڵام بۆچەند پرسیارێکی قورس کردووە.

دەکرێـت بڵێم گەنجان بەشـێکی زۆری کۆمەڵ پێکدێنن وگومان لـەوەدا نییە کەئـەوان چینی چـالاك وبەتواناو خاوەن داهێنانـی کۆمەڵن، بەڵام بەداخەوە پەراوێزکردنو پشتگوێخستنیان وەك توێژی خاوەن بەهرەو بنیاتنەر بۆتە هـۆی روودانـی گەلێك کێشـەی ئاڵۆزو هەروەهـا بێزاری ونارەزایی لەناویاندا.

مـەرگو نەمان خەمێگـی گەورەیە، کاتێکیـش دەبێتە خەمێکی گەورەترو ترسـناکتر کە کەسـێك خۆی مەرگو مردن بۆخۆی هەڵبژێرێت! دیارە لەپشـت هەر کارەساتێکی لـەو جـۆرە، کۆمەڵێك فاکتـەر هەن کە دەبنـە هۆی رق هەڵگرتـن لەژیانو بێزاربوون لە خۆشەویسـتی کەسـێك بۆخـۆی لەپێش هەمـوو کەسـێکداو دواتر رقـی گەورە بەرامبەر ژیان.

وەك دەزانین دیاردەی خۆکوشـتن لەنـاو گەنجاندا بۆتە کێشەیەکی گەورەو مەسـەلەیەکی ترسناكو لەهەمانکاتدا دیاردەیەکـی زەقو بەرچـاو، کـە رۆژانە لـەزۆر ناوچەی جیاجیـا لەکوردسـتان هەواڵـی خۆکوشـتن یا کوشـتنی گەنجان دەبنە مانشێتی رۆژنامەکانو سەردێری هەواڵەکان، بێئەوەی کەس پرسیار لەخۆی بکات بۆ؟

دیارە خەڵکـی بەو دیاردەیە چاویـان کراوەتەوە و ئیتر بێزار بوون لە بیسـتنی ئەو جۆرە هەواڵانە، واتە هێزێکی گەورە لەپشـت ئەو تاوانانەوە هەیەو لەدەسـەڵاتی خەڵك گەورەترە! ئەم پرسـیارانەش بێ وەڵامن و پێویسـتیان بە چونە ناو ناخی گەنجانەوە هەیە.

خۆکوشـتن بەهەر رێگایـەك بێت وەك:( ئامـێری تیژ، دەرمانـی کوشـندە، خۆهەڵواسـین، بەدەمانچـە، یا هەر جۆرێکیـتری چـەك، خـۆ سـوتاندن..) لەنـاو گەنجاندا بڵاوبۆتـەوە لەنێـوان تەمەنی(١٥_٣٠)سـاڵدا. دیارە مرۆڤ کاتێـك رقی گـەورەی لەژیان هەڵدەسـتێك کە بـێ هیوا بێـت لە هەمـوو جوانیەك، لەزۆر شـت کـە پابەندن بە خـودی ژیانـەوەو لەناو خودی کەسـێکدا دەبنە دروسـت بوونـی ئاڵۆزیو دواتر کار لەفیکرو تەواوی هەڵسـوکەوتی لایەنەکانی ژیان دەکەن.

چەنـد هۆکارێكو فاکتەرێـك لەپشـت نائومێد بوونی گەنجانـەوەن و دەبنـە هێزێکی هاندەر بـۆ کۆتایی هێنان بەژیـان، هەڵبەت ئـەو هۆکارانـەش پەیوەندیان هەیە بە کێشـەکانی خێزانو دواتر کێشـەکانی نـاو کۆمەڵو پێش هەموویـان پەراوێزکردنی گەنجان لـەزۆر لایەنی ژیانەوە کەلێرەدا هەندێك لەو هۆکارانە دەخەمە روو:

★بێگومـان پەروەردەکردنـی منـداڵ لەخێزانـدا جگە لـەوەی ئەرکێکـی پـیرۆزە ئەکێکی گەورەیە و پێویسـتی بە زانیـاری هەیە لەلایەن خێزانەوە( پـەروەردە کردن و مامەڵەکـردن پێویسـتی بە وریایی ووشـیاری هەیە، نەك بەکارهێنانـی رێگەی پەروەردەیی هەڵـە وتوندو تیژی و دوور لەخۆشەویسـتی و سـۆز. لەکاتێکدا خێزان بەواتای باوكو دایك پێویسـتە نزیکترین کەس بن لە منداڵەکانیان وبەردەوام ئاگاداری هەڵسـوکەوتی ژیانو کێشەکانیان بن، بەڵام بەداخەوە هەندێك خێزان ئەم خاڵانە رەچاو ناکەنو خۆیان سـەرقاڵی ژیانـی تایبەتی و کارو کێشـەکانی ژیان دەکەن و زۆر بێئاگایانە منداڵەکانیان بەرەو ونبوون دەبەن لەناو گێژاوی کێشەو پێداویستییەکانی ئەمرۆی ژیاندا)

گوێنـەدان بەهەسـتو داخـوازیو ئارەزووەکانی منداڵ دەبێتە هۆی تووشـبوونی گۆشـەگیری و ئاڵۆزی دەروونی و ئەنجامدانـی توندو تیژی و گرتنەبـەری رێگەی چەوت وهەڵە بۆ دوورکەوتنەوە لەکێشەکان. هەر ئەو ونبوونەشە دەبێتە پەستانێك لەسـەر بیرکردنەوەو دواتر هەستکردن بە بێئارامی و رەشـبوونی هەموو بەها جوانەکانی ژیانو و

رق هەڵگرتن لەژیانو بریاردان بەکۆتایی هێنانی ژیان.

*هۆکارێکی دیکە نەبوونی سەربەستی گەنجانە( لەبەستنی پەیوەندی خۆشەویستی و دیاریکردنی دوارۆژو کێشەکانی ناو خێزان لە کۆمەڵگایەکدا کە حوکمی باوکسالاری بەسەریدا سەپێنراوە). دیارە ئەم هۆکارانە کار لەسەر هەردوو رەگەز نێرومێ دەکەن، لەکاتێکدا خێزان دەبێتە رێگر لەبەردەم گەشەسەندنی خۆشەویستیەکی جوان و بەستنی پەیوەندی هاوسەری بەخواستی خۆیان هەندێك دیاردەی دیکە وەك لێدان و بەندکردن و رێگرتن لەخوێندن و کارکردنی کچانو بە زۆر بەمێرددانیانو چەوساندنەوەیان لەژێر ئەرکی بەرێوەبردنی خێزانو خزمەتکردنی باوكو دایكو گوێنەگرتن بۆحەزو داواکانیان. ئەمانە هەموو هۆکارن بۆ رێگە خۆشکردن بە هەرەسهێنانی ژیانیان کە سەرچاوەیان لەدابو نەریت وکولتووری کۆمەڵەوە گرتووە، لەئەنجامی نەبوونی هۆشیاریو رۆشنبیری تەواو لەناو خێزاندا. ئەمە جگە لەنەبوونی یاسایەك کە مافی گەنجان بپارێزێت لەهەموو تاوانێك کە بەرامبەریان ئەنجام ئەدرێت، دواتر هەر ئەوکێشانەن دەبنە هۆی بریاردانی خۆکوشتن یا تاوانی گەورە لەکۆمەڵدا، کام لە ئێمە یاسایەکی خوێندۆتەوە تایبەت بە پاراستنی مافەکانی گەنجانو داکۆکی کردن لەژیانیان؟

*ئەو بارودۆخە نالەبارەو پڕ لە کێشەو گەندەڵیەی ئەمرۆی کوردستان گەنجانی رووبەرووی دەیان کێشەی کۆمەلایەتیو دەروونی کردۆتەوە وەك هەژاریو نەبوونی دەرفەتی کارکردن و لەهەموویان گرینگتر نەبوونی دەرفەتی خوێندن، بەخواستو ئارەزووی خۆیان(مەبەست لێرەدا دیاریکردن وسەپاندنی پلەکانی خوێندنە لەلایەن بەرپرسانی پەروەردەو بەپێی ئەو نمرانەی کە خوێندکار بەدەستی دەهێنێ لەدوا پلەی ئامادەیی و پیشەییەکاندا ، کە ئەمە هەرگیز پێوانە نیە بۆ دیاریکردنی بەهرەو تواناو زیرەکی گەنجان). چی دەبێت ئەگەر گەنجان بەخواستی خۆیان دوارۆژی خۆیان هەڵبژێرن دوور لە پشتبەستن بە ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوە باوە لەو بارودۆخە ئاڵۆزەی کە ئەمرۆ گەنجانی تێدا دەژین؟ ئایا هۆکارێکی بەهێز نییە بۆ هەرەسهێنانی و نائومێدبوونی گەنجان، ئەو گەنجانەی کە لەتەمەنی شەش ساڵیەوە دەچنە قوتابخانەو ساڵانێکی زۆر خێزان پێیانەوە ماندوو دەبێت بۆ دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانیان، وێرای ماندووبوون و شەونخوونی خۆیان وخوێندن لەو قوتابخانانەدا کە سیمایەکی شارستانی و خزمەتگوزارییەکیان تێدا دابین نەکراوە. قوتابخانە نابێ تەنها پاشماوەی رژێمێکی شۆڤێنی دیکتاتۆر بێت کە هەموو ئامانجێکی ریسواکردن و چەوساندنەوەی رۆڵەکانی بووەو هیچکات خۆی بەخاوەنی راستەقینەی گەل نەزانیوە. ئایا حکومەتی هەرێم توانای دابینکردنی کەش و هەوایەکی خوێندنی شیاوی شایستە بەئەمرۆ وسرینەوەی هەموو ئاسەوارێکی کۆن و دواکەوتووی نییە؟

لە دونیایەکی پڕ لە پێشکەوتنخوازی وتازەگەری وداهێناندا تاکەی لەهەموو پلەکانی خوێندندا خوێندکار لەسەر تەختەیەکی رەق دانیشێتو چاو ببرێت، دیوارەکانی ژوورێکی بێرەونەق و ناشایست بەپرۆسەی خوێندن، جگە لەمانەش ئەو بارودۆخە نالەبارەو ئاڵۆزەی کە ئەمرۆ گەنجانی تێدا دەژین، زۆر لەوان و با بڵێم منالانیش لە کاتی پشووی قوتابخانەدا پەنا دەبەنە بەرکارکردن و ماندووبوون بۆ دابینکردنی بژێوی خۆیان ودابینکردنی پێداویستیەکانی ساڵی خوێندنیان، چی دەبێت ئەگەر ئەوانیش وەك منالان وگەنجانی دەوڵەتە دڵسۆزەکانی گەل، پشوو لەسەفەرو سەیرانو خۆشیدا بەرنە سەر؟

ئەمانە هەموو فاکتەرنین بۆ رەشبوونی ژیان لەبەر چاوی گەنجاندا؟ لەکاتێکدا ئەوان بیر لەوە دەکەنەوە گەر خوێندن تەواو بکەن بروانامەکانیان چیان بۆ دەکات؟ دەیانکاتە خاوەنی خانووی مەرمەر و ئۆتۆمبێلی مۆدێل باڵاو دەفتەر دۆلار؟

لێرەدا با ئەو گەنجانە لەبیر نەکەم کە ساڵانێکی زۆرە خەون بە دونیایەکی خۆش وئارامەو دەبینن‌و لەناوچەکانی گەرمیاندا دووچاری دەیان نەهامەتی و خەمی گەورەبوونو لەگەڵ خێزانەکانیاندا لەبەرئەوەی پاشماوەی ئەنفالن!

ئایا وشەی ئەنفال خۆی بۆخۆی خەمێکی گەورەو رەشبینی نیە بۆئەو گەنجانەی کە بێبەشن لە ساناترین پێداویستیەکانی ژیانیان؟

ئەوەی ئەمرۆ زیاتر دەبینرێت لەنێوان گەنجانی خاوەن بروانامەدا فەرامۆشکردنی بروانامەکانیانە، زۆربەیان دونیای ئەمرۆی خەونو خەیاڵ وایلێکردوون رووبکەنە کارە سەربەستەکان، چونکە دەستکەوتی باشی هەیەو دوور نییە رێگەی هەندێ کاری مەحکوم بگرن بۆئەوەی زووتر بوونی خۆیان بسەلمێنن، چونکە دونیای ئەمرۆ و ژیان لەکوردستان وایکردووە کە خەڵك تەنها بیر لە پارە بکاتەوە و چۆن بەچ رێگایەك دەوڵەمەند ببێت! ئەم دیاردەیەش گەنجانی دوور خستۆتەوە لە واقیع، ئەگەر نەکرا ئەوا نائومێد دەبنو پێیان وایە ژیان تەنها یەك دەروازەی هەیە و تەنها لەگۆشەیەکەوە نیگا دەکرێت.

*وێرای ئەو هەموو کێشانەی ئەمرۆی نێو کۆمەڵ ، وەك گرانی وکەمی مووچەو زیاد بوونی پێداویستیەکانی ژیان، کە جوانکاریو شتەدەردەکیەکان خراونەتە پێش هەموو ئەو هۆکارانەی کە کۆمەڵ دوورە پەرێز لێیان دەروانێت، لەمانەش گرینگتر پەراوێزکردنی گەنجانە وەك تاکێکی کاریگەر و چالاك لەکۆمەڵدا، هەروەها پشتگوێ خستنی حەزو ئارەزووەکانیان، پێشێلکردنی مافەکانیان لەبەشدار بوون بۆ بنیادنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و بەپێی رەوشی ئەمرۆی ژیان و بە ئایدۆلۆژیای مۆدێرنو سەردەم، رێگەنەدان و رێگرتن یا خۆ کەرکردن لە رەخنەو پێشنیازەکانیان بۆ گۆرینی سیستمی بەرێوەبردن و کارکردن لەکۆمەڵدا کە پەیوەستە بە هەموو مەوداکانی ژیانەوە.

ئەوەی ئەمرۆ گەنجانی پەستو توورەکردووە داخستنی دەرگای بەرێوەبردنی دەسەلاتە بەرووی ئەواندا، پێم وابێت لەناو ریزی ئەمرۆی گەنجاندا کەسانی ژیرو خاوەن بەهرەو توانا زۆرنو هەروەها کەسانی رۆشنبیر و ئەکادیمی بەتوانا هەن کە دەسەلات دەتوانێت سوودیان لێوەربگرێت، وەك توێژێکی چالاك و چیتر خۆیانو بەهرەو تواناکانیان پەراوێز نەکرێت، ئاورێك بدرێتەوە بەلای ئەوچینەی کە سیخناخە لە زولمو خواستی بەدینەهاتوو لەو رۆژگارەی کە پارە حوکمی کۆمەڵ دەکات.

هەرچەندە بنووسمو درێژە بەباسەکە بدەم دەرئەنجامەکەی دەگەرێنمەوە سەر ئەو راستییەی کە گەنجان ئەمرۆ لەنێوان خەمۆکی و پەراوێز کردنو دابینکردنی داواکانی ژیاندا خەون بە داهاتنی رۆژێکی پرشنگدار و داهاتوویەکی جوانەو دەبینن، دوور لە جیاوازی چینایەتیو رزگاربوون لەدابو نەریت و کەلتووری هەزار ساڵەی دواکەوتوو. ئەمەش کاتێك بەدی دێت کە ئەوان لەژێر باری گرانی ئەو خەمانە بێنەدەرو لەگۆشەی رووناکەوە بروانن ئایندەی خۆیان وکۆمەڵ، هەوڵی جدی بدەن لەپێناو بەدیهێنانی خەونو ئاواتەکانیاندا و رەشبینانە نەروانن ژیانو ببنە بنیاد نەرێکی پتەو و بەهێزی کۆمەڵگەیەکی رۆشنبیر و پێشکەوتنخواز ودرێژە بەژیان بدەن، پێم وابێت ئەمەش کارێکی گران نیە، تەنها کەمێك لەخۆبووردوییو چاوەروانی دەوێت.